# بەرزو پیرۆز بێت یەکەم ساڵیادی ئازادیی مەخموورو قەراج و کەندێناوەو گوێر




کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو و دیموکرات

# ئازادیی قەرەچووغ

Azadî Qereçûx

ژمارە (١)
شەممە ١٠ / ٤ / ٢٠٠٤
٢١ی نەورۆزی
٢٧٠٤ی کوردی

No. (1)
Satrday 10 / 4 / 2004

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی هەمەرەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموورو دەوروبەری دەری دەکات


## دوای ساڵێك ئازادی
## مەخموور هەر مەخموورەکەی جارانە

**غەفوور مەخمووری**

ئەمرۆ ٢٠٠٤/٤/١٠ ساڵێکی تەواو بەسەر ئازادکردنی شاری مەخموورو شارۆچکەکانی دەوروبەری (کەندێناوە، گوێر، قەراج) تێدەپەڕێت، ساڵێکە مەخموور بۆ هەتا هەتا لەژێر چرنووکی رژێمی فاشیو روخاوی بەعس رزگاریبووە. ئازادبوونی شارو شارۆچکە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان ئومێدی هەموو کەسێکی ولاتپارێز بوو، هاتەدی.

مەخموور، یەکێك بووە لەو ناوچانەی کەرژێمی فاشیو روخاوی بەعس بەهەموو شێوەیەك کەوتبووە گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەو بەعەرەبکردنی، بەردەوام کوردی لەناوچەکە دەردەکردو عەرەبی دەهێنا ناوچەکە، هەرچی زەویو زاری کوردان هەبوو هەمووی درابووە عەرەب و جگە لەگوندە عەرەبنشینەکان (کە ئەوانیش پێشتر گوندی کوردان بوونە) گوندی کوردان هەمووی وێران کرابوو و دواتر عەرەبی هێنرابووە سەر، جگە لەدەوروبەری مەخموور، لەناو شاری مەخمووریش رژێم بواری ژیانی بۆ کورد زۆر بەرتەسك کردبۆوەو هەموو شتێکی خستبووە بەردەستی عەرەب و بەهەموو شێوەیەك و لەهەموو لایەکەوە زوڵم لەخەڵکی خۆڕاگری مەخموور دەکرا. رژێم لەرووی ئاوەدانییەوە هیچ بایەخێکی بە مەخموور نەدەدا جگە لەگەڕەکە عەرەبنشینەکان ئەوانیش بۆ بەعەرەبکردنی ناوچەکە هاتبوون، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین مەخموور وەك گوندێکی لێهاتووەو زۆر بەئاشکرا هەست بەو زولمە دەکرێت کەرژێمی رووخاو لەخەڵکەکەو لەشارەکەی کردووە.

جەماوەری شاری مەخموور چاوەڕوانی ئەوەبوون لەدوای ئازادبوونی ناوچەکە، بزووتنەوەی ئاوەدانکردنەوە دەستپێکات و شارەکە لەهەموو روویەکەوە بینابکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لەماوەی ئەمساڵەی ئازادکردنی مەخمووردا خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆ پێشکەش بەشارەکە نەکراوە، جگە لەبۆیاغکردنی هەندێ شوێنی گشتیو هەندێ وردەکاری تر هیچ بۆ شارەکە نەکراوە، ئەوەی سەردانی مەخموور بکات زۆر بەروونی هەست بەم راستییانە دەکات. مەخموور تائێستاش شەقامەکانی چاکنەکراونەتەوە، کۆڵانەکانی گەڕەکەکانی قیرتاو نەکراونو لەکۆڵانی گوند دەچێت لەگەڵ بارینی باران هەمووی دەبێتەوە قورو چڵپاو، کێشەی نەبوونی ئاویش کێشەیەکی سەرەکی خەڵکی شارەکەیە، ئێمەی خەڵکی مەخموور چاوەڕوانی ئەوەبووین لەگەڵ ئازادکردنی مەخموور ئیدارەیەکی شارەزاو دەستپاك و بەئەزموون لەخەڵکی شارەکە بۆ مەخموور دابنرایە، بۆ ئەوەی خەمێك لەشارەکە بخۆن نەك شارەکە بەم شێوەیەی ئێستا بهێڵرێتەوە، بەڵام ئەوە نەکرا. جگە لەمەش مەخموور کەوتۆتە نێوان بەرداشتی هەولێر و موسڵ، لەرووی فەرمییەوە سەر بەموسڵەو ئیدارەکەشی لەلایەن هەولێر دانراوە ئەمەش کێشەی بۆ خەڵکی شارەکە دروستکردووە، بەشێك بۆ ئیش و کارە فەرمییەکان روو لەموسڵ دەکات و بەشێکیش روو لەهەولێر.

لەم دواییەدا باس لەهەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەکرێت کەبڕیارە لەم ماوەیەدا بکرێت، هیوادارم جەماوەری شاری مەخموورو بەتایبەت ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە کەسانی دڵسۆزو شارەزاو خودان ئەزموون و دەستپاك و خەمخۆری شارەکە هەڵبژێرن، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو کەسانە دەتوانن مەخموور هەڵسێننەوەو تەپ و تۆزی بەعەرەبکردن و وێرانی لێ دابتەکێنن. (دەنگ بەو کەسانە بدەن کە خزمەتتان دەکەن جا هەر کێیەك بێت)، جەماوەری مەخموور دەبێت بیر لەبەرژەوەندی شارەکە بکاتەوە، بۆ ئەوەی شارەکە ببێتە شارێکی نموونەییو خەڵکەکەش هەست بەئاسوودەیی بکات.

داوا لەئیدارەی کاتی هاوپەیمانان و حکومەتی کوردستان دەکەین کەبایەخی زیاتر بەشارەکە بدەن و گرفتەکانی بۆ چارەسەر بکەن بەزووترین کات کەسانی مشەخۆرو ناشارەزا لەئیدارەی شارەکە دوور بخەنەوە. بەمەش خزمەتێکی گەورە پێشکەش بەمەخموور دەکەن.

ئاوەدانکردنەوەی گوندە رووخاوەکانی مەخموورو قەراج و گوێرو کەندێناوە ئەرکێکی بەپەلەیەو لەهەموو لایەکمان دەخوازێت کاری بۆ بکەین، هیواداریین بۆ ئەمەش ئیدارەی کاتی هاوپەیمانان و حکومەتی کوردستان دەستوبرد بکەن و هۆکارەکانی ژیان بگەیەننە ئەو گوندانە بۆ ئەوەی دەڤەرەکە ئاوەدان ببێتەوەو خەڵکیشی بگەڕێتەوە سەر گوندو زەویو زاری خۆی.

لەکۆتاییدا هیواداریین بۆ ساڵی ئایندە مەخموور گەشەیەکی بەرچاو بکات و ببێتە شارێکی نمونەییو، مەخمووری ساڵانی پێشوو نەبێت و ساڵی ئایندە ساڵی نوێکردنەوەی مەخموور بێت.

## له زوورگەزراو
## یادی شەهیدانی کارەساتی ٦ی نیسان کرایەوە

٦ی نیسانی ٢٠٠٣ لەکاتی پرۆسەی ئازادی عێراقدا، فرۆکەکانی هێزی هاوپەیمانان بەهەلە بۆردومانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد، لەمیحوەری (دیبەگە- مەخموور) بووە هۆی شەهیدو بریندار بوونی ژمارەیەك فەرماندەو پێشمەرگە کە لەناویاندا فەرماندەی لێهاتوو کاك وەجیە بارزانیو فەرماندەی لاو کاك مەنسور بارزانی بریندار بوونو ژمارەیەکیش لەتێکۆشەرانی تر شەهید بوون کە ١٨ پێشمەرگەی کۆڵنەدەری کوردستان بوون. بۆ بەرز راگرتنی یادی ئەم کارەساتە فەرماندەیی هەولێری لەشکری کوردستان بەهاوکاری ل.ن. مەخمووری PDK لە زوورگەزراو لەچوارڕیانی دیبەگە واتە لەشوێنی کارەساتەکەدا ریو رەسمێکی سازکرد، لەڕیو رەسمەکەدا بەڕێز کاك مەنسور بارزانی فەرماندەی لەشکری تایبەتی ١و لەشکری تایبەتی گوڵان بەنوێنەرایەتی بەڕێز کاك مەسعود بارزانی- رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانو، هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDKو شاندێکی سەرکردایەتیو هەرێمی قەرەچووغی YNDKو بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو بەڕێز مەحموود محەممەد- بەرپرسی لقی دووی PDKو بنەماڵەی شەهیدانو ژمارەیەکی زۆر لەبەرپرسانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆری دەڤەرەکە ئامادە بوون.

لەڕیو رەسمەکەدا وتاری فەرماندەیی هەولێری لەشکری کوردستان لەلایەن بەڕێز کاکەمین نەجار فەرماندەی فەرماندەیی هەولێر خوێنرایەوە. ئینجا وتاری ل.ن. مەخموور خوێنرایەوەو پاشان چەند کاری هونەری پێشکەش کرانو چەند شاعیرێکیش لەڕیو رەسمەکەدا شیعریان خوێندەوە، دواتر بەڕێز کاك مەنسور بارزانی دیاری تایبەتی پێشکەش بنەماڵەی شەهیدەکان کردو، بەوتاری بنەماڵەی شەهیدان کۆتایی بەڕیو رەسمەکە هێنراو، پاشان بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر پەردەی لەسەر تابلۆیەك کە بۆ ئەم یادە لەچوارڕیانی دیبەگە دروستکرابوو لادا.

## رۆڵو کاریگەری HBNK لەرزگارکردنی دەڤەری مەخموور

هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان HBNK، ئەم هێزە بوو بەبڕیاری سەرکردایەتی YNDK، وەك پێویستییەکی نەتەوەیی و سەربازی بۆ بەشداریکردن لەئازاد کردنی ئەو ناوچە کوردییانەی باشووری کوردستان کە بەداگیرکراوی لەبن دەستی رژێمی روخاوی بەعس مابوونەوە پێکهێنرا، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەبەرنامەو چالاکییەکانی ئەم هێزە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ هەڤاڵ قەهار تاهیر- فەرماندەی هێزی HBNK سازدا.

دەقی چاوپێکەوتنە لە لاپەڕە (٢)دا بخوێنەوە.

## پەیڤێك بۆ یادی یەك ساڵەی ئازادیی قەرەچووغ



**جەمیل سنجاوی**

سێزدە ساڵ بەر لەئەمرۆ جەماوەری (مەخموورو قەراج و کەندێناوە) ساڵانە یادی (١٢)ی ئادار، بیرەوەری (٢٠) رۆژی ئازادیی ئەو دەڤەرەیان دەکردەوە کە لەئەنجامی راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلی کوردستان هاتبووە ئاراوە، لە هەر ساڵێکدا کە یادی ئەم رۆژە دەکرایەوە هەمیشە هیوای ئەوەیان دەخواست کە ئازادییەکی هەمیشەیی باڵی بەسەر باشووری کوردستان بەگشتیو دەڤەری (مەخموورو دەوروبەری) بەتایبەتی بکێشێت، کە پرۆسەی ئازادی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی، خەونێکی لەمێژینەی خەڵکی ئەو دەڤەرە بێنازە بوو، کە ساڵەهابوو لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاوەوە دەچەوسێندرانەوەو خاکەکەیان بەعەرەب دەکراو لەسەر زێدی خۆیان دەردەکران، پرۆسەی ئازادی ئاهو هەنسكو ئومێدی تری بەخشییە خەڵکی بەش خوراوی ئەو دەڤەرە، کە سەر لەنوێ ژیانێکی ترو تازە لەسەر زێدی باب و باپیرانیان دەست پێبکەنەوە، دیارە بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی زۆری دێهاتەکانی قەراج و کەندێناوە گەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیانو ئامادەن گوندەکانی خۆیان سەر لەنوێ دروست بکەنەوە، ماوەی ساڵێکی تەواوە چاوەڕێی هاوکاریو کۆمەکی رێکخراوە خێرخوازەکان دەکەن بۆ دروستکردنەوەی گوندەکانیان بەڵام بەداخەوە هەتاکو ئێستا وەکو پێویست نەتواندراوە کۆمەکی ئەو خەڵکانە بکرێت کە پێشتر لەسەر زێدی خۆیان دەرکرابوون، ئەوەی تاوەکو ئەمرۆ ئاوەدان کراوەتەوە گوندی (دوگردکانو کەندال)ە ئێستاش نیاز وایە گوندەکانی تر لە بەرنامەدا بێت، بەڵام پرۆسەکە زۆر لەسەرخۆ بەڕێوەدەچێت. لەئاستی داخوازییەکانی خەڵکی بەشخوراوی دەڤەرەکە نییە، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە لەماوەی ئەو ساڵە ئازادییەدا گەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاری لەنێو شاری مەخموورو هەر سێ ناحیەکان جێبەجێ بکرێت، ئەوەی ئەنجام دراوە تەنها نۆژەنکردنەوەو بویەکردنی خوێندنگەکانو باخچەی مەخموورە کە لەبەرچاوی هەموو خەڵك دیارە، تاوەکو ئێستا شەقامەکان قیرتاو نەکراوە، ئەو ماڵانەی کە رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ لەناو شاری مەخموور تەختی کرد دروست نەکراونەتەوە، ماوەی چەند مانگێکیشە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێ ئەنجومەنی شارەوانی مەخموورو

بۆ ل٣

## رۆڵی HBNK لە پرۆسەی ئازادکردندا

**شاخەوان خالید**



پێویستیی پێکهێنانی هێزێکی نەتەوەیی بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی ئازادکردنی بەشە خاکی داگیرکراوی باشووری کوردستان کە لەبن دەستی رژێمی بەعسی روخاودابوو، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی دەستپێکردنی پرۆسەکە ئەرکێکی بە پەلە بوو. YNDK بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە نەتەوەییە بەبڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتی هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان HBNKی پێکهێنا، هەر لەکۆبوونەوەکە دەستەیەکی فەرماندەیی بۆ سەرپەرشتی کردنی کارەکان پێکهێنراو چەند میحوەرێك بۆ دابەشبوونی هێزەکانی HBNK دیاری کرا، ئەوەبوو هەر زوو ئەم هێزە بانگەوازی بۆ گشت ئەندام و لایەنگرانی YNDK و جەماوەری کوردستان کرد کە خۆیان لەریزەکانی هێزی HBNK رێکبخەن و توانی چەك و تەقەمەنیو ئۆتۆمبێل بۆ پێشمەرگەکانی دابین بکات، بەرنامەی ئەم هێزەش بریتی بوو لەبەشداریکردنێکی چالاکانە لەپرۆسەی رزگارکردن و ئازادکردنی ئەم ناوچە کوردییانەی لەبن دەستی رژێمی بەعسی رووخاودا مابوونەوە، HBNK هێزەکانی خۆی رێکخست و دابەشی کردنە چەند میحوەرێك (میحوەری کەرکوك، میحوەری مەخموور، میحوەری دهۆك بەرەو موسڵ). لەپێش رزگارکردنی دەڤەری مەخمووریش چەند یەکەیەکی تایبەتی پێك هێنابوو کە بەنهێنی ناوە ناوە دزەیان دەکرد بۆ چیای قەرەچووغ و دەڤەرەکەیان بەگشتی دەپشکنی، کاریان کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر هێزەکانی بەعس لەرووی ژمارەی سەربازیو تانك و زرێپۆش و تۆپ و هاوەن و پێگەکانیان. هێزی HBNK هەر زوو لەمیحوەری مەخموور پێگەی خۆی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لەپێشمەرگەکانی لەهێڵی تەماس لەگەڵ هێزو لایەنەکانی کوردستان و هێزی هاوپەیمانان رێکخست، رۆژانە کۆبوونەوەی لەگەڵیاندا دەکرد سەبارەت بەدانانی ریو شوێنی هێرش کردنە سەر هێزەکانی رژێمی رووخاوی بەعس، لەدوای مانەوەی چەند شەوێك رێکەوتی ٩ لەسەر ٢٠٠٣/٤/١٠ بڕیاردرا هێرش بکرێتە سەر هێزەکانی رژێمی بەعسو هەر زوو بنکەو پێگەو تانك و زرێپۆشەکانی رژێمی بەعس ئەوانەی لەسەر رێگای هەولێر مەخموور بەدیاری کراوی لە چوارڕیانی دیبەگە بوون هەر هەموویان تێکشکێندران. چەند رۆژێك بەر لەئازادکردنی شاری مەخموورو دەوروبەری لەناو مەخموور کۆمەڵێك لەهەڤاڵانمان لەلایەن هێزی HBNK پڕ چەك کرابوون و ئاڵای کوردستانیشان پێدرابوو کە لەگەڵ ئازادکردنی ئەم دەڤەرە لەشوێنە بەرزەکان هەڵیانکرد.

بۆ ل٣

# هەڵسەنگاندنێك بۆ بزاڤی ڕۆشنبیری و وەرزشی لەدوای ساڵێك ئازادیی دەڤەری مەخموور

## ئا/ پەروەر پاڵانی

**دوا بەدوای ساڵێك لەئازادی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان ئەو ناوچانەی تا ٢٠٠٣/٤/٩ لەژێر ستەم و زۆرداری ڕژێم دەیانناڵاند، چەندین سەنتەرو بنکەی ڕۆشنبیری و یانەی وەرزشی لەناوچەکە هاتنە دامەزراندن لەپێناو زیاتر بوژاندنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری لەناوچەکەو سڕینەوەی ئاسەواری بیری داروخاوی دیکتاتۆری بەعسی لەناوچەکەو پێگەیاندنی نەوەیەك کە جۆش بدرێت بەبیری نەتەوەیی و دیموکراسی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتووخواز.**

**بۆ زیاتر شارەزابوونی خوێنەران و زانینی کارو چالاکی ئەم سەنتەرو بنکە ڕۆشنبیری و یانە وەرزشیانە بەباشمان زانی کەوا چاوپێکەوتنێك لەگەڵیاندا ساز بکەین:**

سەرەتا ڕووی پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز (**پارێزەر ئەشواق کەمال جەمیل**) بەرپرسی بنکەی مەخمووری روناکبیری ڕۆژ کردو لەوەڵامی پرسیارێکماندا



سەبارەت بەناسینی بنکەکە بەڕێزیان وتی: بنکەکەمان بنکەی روناکبیری ڕۆژ/ لقی مەخموور بنکەیەکی ڕۆشنبیرییە سەر بەڕێکخراوی (دیاکۆنیا)ی سوێدییە بەشێوازێکی چالاك و کرداری هەوڵی بەرەو پێشبردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەناوچەکە دەدات. لەپرسیاری بەرهەمی ساڵێك لەئازادی ناوچەکە کە بنکەکە ئەنجامی دابێت چۆن چری دەکەیتەوە؟ وتی: بنکەکەمان لە ٢٠٠٣/١٢/١٥ دامەزراوە لەکاتی دەستبەکار بوونیەوە تاوەکو ئێستا توانیومانە (١٥) خولی کۆمپیوتەرو (٥) خولی دورمان و (٤) خولی مۆسیقاو (٦) خولی زمانی ئینگلیزی بکەینەوە، هەروەها بەشداریمان لەچەند چالاکییەکی ئاهەنگی کردووە لەشاری مەخموورو چەند کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەمان بۆ شاعیرانی ناوچەکە کردووە. لەپرسیارێکی تر سەبارەت بە نەبوونی ئەنتەرنێت لەناوچەکە، ئایا بۆچی تائێستا کاری بۆ نەکراوە؟ وتی: ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە هەوڵی خۆمان داوە بەڵام نۆری ئەنتەرنێت ئەگەر تائێستا لەناوچەکە دانەنراوە، خەتێکی ئەنتەرنێت دابین کرا لەلایەن هێزی هاوپەیمانان لەبەریدی مەخموور دانرا بەنرخێکی زۆر گران کاریان پێ دەکردو هەر کەسی ئارەزووی بوایە دەبا بەشداری لەخولێکی (١٣) ڕۆژە بکات بە (١١,٠٠٠) دینار بۆیە نرخەکەی گران بوو کەس نەیتوانی بەشداری بکات و سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئێمە لەڕێگەی ئەو بڵاوکراوەوە داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکەین ئەم تۆڕی ئینتەرنێتە بە ئێمە بدەن تاوەکو ئێمە بتوانین سەرپەرشتی کارەکە بکەین بەنرخێکی گونجاو.

(**مامۆستا جەمال جەمیل**) بەرپرسی (سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری



قەرەچووغ) سەبارەت بەدامەزراندن و کارو چالاکی سەنتەرەکە بەم شێوەیە بۆمان هاتە ئاخافتن:

ئێمە کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو هونەرمەندی دەڤەری (مەخموورو قەراج و کەندێناوە) بەمەبەستی بوژاندنەوەو بەرەو پێشبردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری لەدەڤەرەکە، لەڕۆژی (١٢)ی ئاداری ٢٠٠٣، لەیادی (٢٠) ڕۆژی ئازادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی دەڤەری قەرەچووغ، (سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچووغ)مان ڕاگەیاند، لەدوای پرۆسەی ئازادی لەڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ بارەگای سەنتەرمان لە (مەخموور) کردەوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بتوانین خزمەت بەبواری ڕۆشنبیری و هونەری بگەینین لەناوچەکەماندا، سەبارەت بە کارو چالاکییەکانمان، ئێمە لەڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢٨ بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری، (٧) فیلمی کوردیمان لەقوتابخانەی قەراجی سەرەتایی کچان نمایش کرد. لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمیش بەشداری کۆنفرانسی سەرجەم سەنتەرەکانی سنووری پارێزگای (هەولێرو دهۆك)مان لەشاری هەولێر کرد، لەڕۆژی (٩)ی ئاداریش یەکەمین کۆنفرانسی سەنتەرەکەمان لەشاری مەخموور بەست، بڕیاریش وایە لەمەولا کارو چالاکییەکانمان لەسەر ئاستی دەڤەرەکە فراوانتر بکەین بەکردنەوەی خولی جۆراجۆرو پێشانگای شێوەکاری و نمایش کردنی شانۆگەری و سازدانی ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاو ئەنجامدانی کۆڕی ڕۆشنبیری و ئەدەبی.

هەر لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەمان چاومان بە بەڕێز (**نەریمان مەلا عەزیز**)



سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور کەوت لەوەڵامی پرسیاری ئایا دروست بوونی چەند سەنتەرو بنکەی ڕۆشنبیری لەدوای ئازادی ناوچەی مەخموورو دەوروبەری چی دەگەیەنێ؟ وتی: دوای یەك ساڵ لەئازادی مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری سێ دامەزراوی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و لەشارۆچکەی مەخموور دامەزراوە ئەوانیش هەردوو سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموورو قەرەچووغ و بنکەی روناکبیری ڕۆژی سەر بەڕێکخراوی دیاکۆنیای سوێدییە بێگومان دامەزراندنی ئەم بنکەو سەنتەرانە ئەوە دەگەیەنێ کە توانایەکی هونەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فیکری باش هەیە لەناوچەکەداو بەهەوڵی ئەوان دامەزراون و کەسێك لەشوێنێکی ترەوە نەهاتووە، وێڕای ئەوەی ڕژێمی بەعس لەکاتی دەسەڵاتداریتی خۆیدا هەموو هەوڵی بۆ سڕینەوەی زمان و سیمای هونەری و ڕۆشنبیری و کەلەپووری کوردیان داوەو نەیانهێشتووە هیچ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنرێت. ئەم دەزگا ڕۆشنبیریانە دەورێکی باڵایان بینیوە بۆ بەرەو پێش بردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لەناوچەکە، ئێمە وەکو سەنتەری ڕۆشنبیری مەخموور لەماوەی ئەم ساڵەدا کاری زۆرمان کردووە لەم بارەیەوە وەکو ئەنجامدانی کۆڕی ڕۆشنبیری بەتایبەتی بۆ ئافرەتان لە ٨ی ئادار، و کردنەوەی خولی تەندروستی و ڕێنمایی لەگەڵ فەرمانگە تەندروستیەکان و بەشداری کردنی مەراسیمی جەژنی نەورۆزی ئازادی سەرچیای قەرەچووغ و بەشداری کردنی لەکۆنفرانسی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ناوخۆو بیانی بۆ سەردانی ناوچەکەو جموجوڵی وەرزشی بۆ لاوان و بەشداری کردنی بەرچاو بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم لەکوردستان و کردنەوەی گەورەترین پێشانگای کەلەپوور لەمەخموور.. تد. لەکۆتاییدا یەکەم ساڵیادی ئازادی ناوچەکە لەئێوەو تەواوی خەڵکی کوردستان پیرۆز دەکەم و دەستخۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەم بڵاوکراوە تایبەتە.

دوابەدوای ئەمە چاومان کەوت بە **بەڕێز کرێکار** بەرپرسی یانەی وەرزشی مەخموور لەپرسیارێکدا ئایا دوای ساڵێك لەئازادی ناوچەکە توانراوە بەشێوەیەکی کرداری کەم و کورییەکان لەبارەی وەرزشی و وەرزشوانانی ناوچەکە نەهێڵدرێت و پشتگیری مادی و مەعنەویان بۆ دابین بکرێت؟ وتی دیارە ڕژێمی بەعسی روخاو (٣٥) ساڵ ئەم سنوورەی تەعریب کردووە تەنیا بەیەك ساڵ ناتوانین کەم و کورییەکان بنەبڕ بکەین لەم سۆنگەیەوە پێویست دەکات هەموو لایەك بەهەماهەنگی هاوکاری تەواوی وەرزشوانانی ناوچەکە بکەین و هەوڵی نەهێشتنی کەم و کورییەکان بدەین و زیاتر گرنگی بەپێشەوەبردنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و وەرزشی لەناوچەکە بدەین.

هەروەها بەڕێز مامۆستا **ئیبراهیم قادر** سەرۆکی یانەی وەرزشی قەرەچووغ، لەوەڵامی پرسیارێکی سەبارەت



بەناسینی یانەکەو هەڵبژاردەی تۆپی پێی مەخموور؟ وتی: یانەی وەرزشی قەرەچووغ لەڕۆژی ٢٠٠٣/٧/١٦ دامەزراوە یانەکەمان (بێ لایەن)و مۆڵەتی لە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و عێراق وەرگرتووەو هەڵبژاردەی تۆپی پێ لە مەخموور تائێستا نییە هەردوو یانەی وەرزشی قەرەچووغ و مەخموور بەتەنیا یاری خۆیان دەکەن لەهەموو بوارێکەوە وەك هەر تۆپی پێ. ئێمە وەك یانەی وەرزشی قەرەچووغ پێمان باشە کەوا هەڵبژاردەی مەخموور (منتخب مخمور) هەبێ بۆ یاریەکانی دۆستانەو خولەکانیش بەشداری بکات، لەسەر ئاستی مەخموورو شوێنەکانی تر.

دواجار چاومان بە بەڕێز **عەدنان ڕەحمان** بەڕێوەبەری بنکەی وەرزش و لاوان کەوت لەوەڵامی پرسیاری ئایا دوای ساڵێك لەئازادی وەرزش لەناوچەکە گەیشتۆتە چ ئاستێك؟ وتی ئێمە دەتوانین بڵێین هەنگاوێك نراوە بۆ ئەم مەبەستە بەڵام بنکەکەی ئێمە هەر لەساتەوەختی دەست بەکاربوونیەوە تاوەکو ئێستا هیچ پێشکەوتنێکمان وەکو بنکە پێشکەش بەلاوانی مەخموورو دەوروبەری نەکردووە چونکە ئێمە لەنێو کەلاوەیەکداین و بەردەوامی بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان دەدەین و دەستەو ئەژنۆ نەوەستاوین هیوادارم جێگاکەمان بۆ نۆژەن بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبێت بۆ بەرەو پێش بردنی لایەنی وەرزشی لەناوچەکە.

لەوەڵامی پرسیارێکی ئایا یاریزانی بەتوانا پێگەیێنراون و جیاکراونەتەوە لەناوچەکە؟ وتی ئێمەش وەك ئێوە چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشتر دەکەین، بنکەکەمان تەنیا ماوەی چوار مانگە مەشق دەکات لەهەمبەر ئەو پێشکەوتنانەی بەدەستمان هێناوە پێگەیاندنی چەند وەرزشوانێکی بەتوانا کە لەئاستێکی بەرزی وەرزشیدان و لەلایەن یانەکانی تر داوایان دەکرێت بۆ یاری کردن لەگەڵیاندا.

لەئەنجامی ڕیپۆرتاژەکەماندا دەتوانین بێژین لەبەرهەمی ساڵێکی ئازادی ناوچەکە هەنگاوی باش و چالاك دراوە لەبواری ڕۆشنبیری و وەرزشی لەناوچەکە هەرچەندە هێشتا بەپێی ئارەزووی خەڵکی ناوچەکە نییە، بەڵام بەهەماهەنگی هەموو سەنتەرو بنکەو یانەکان لەگەڵ یەکتری و هەریەك لەلای خۆیەوە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامدانی زۆرترین چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی لەناوچەکە بەمەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی دەڤەری مەخموور بەبێ ڕەچاو کردنی بیری تەسکی حیزبایەتی و بەبیرێکی کو ردانە هەوڵی زیاترو بەگرتر بدرێ بۆ بەرەو پێش بردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و وەرزشی شارەکەمان.

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ قەهار تاهیر فەرماندەی فەرماندەیی HBNK



*** بیرۆکەی پێکهێنانی HBNK چۆن گەڵاڵە بوو؟**

– لەدوای خوێندنەوەی بارودۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی و جموجوڵی هێزی سەربازی هاوپەیمانان لەکەنداو گەیشتینە ئەم قەناعەتە کەهێرش دەکرێتە سەر ڕژێمی عێراق، بۆ ئێمەش دەرفەت بوو کە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان بەشدار بین بۆ ئازادکردنی ئەم ناوچە کوردییانەی لەژێر دەستی ڕژێمی بەعسی رووخاودا بوون. لەدوای تاوتوێ کردنی ئەم پرسە لەکۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیمان YNDK بڕیارمان دا هێزی بەرگری نەتەوەیی کوردستان HBNK پێك بهێنین.

*** وەك هێزی HBNK بەرنامەتان چی بوو؟**

– لەدوای بڕیاردان لەسەر پێك هێنانی HBNK بانگەوازمان بۆ گشت ئەندام و لایەنگران و دۆستانی YNDK و خەڵك کرد کەبێن بەشداربن لەهێزەکە ئەوەبوو لەماوەیەکی کورت دا سەدان کەس پەیوەندییان پێوەکردین و خۆیان ناونووس کرد لە HBNK، ئێمەش لەلای خۆمانەوە توانیمان پێداویستیەکانی ئەم هێزە دابین بکەین و هێزەکەمان دابەشکردە سەر سێ میحوەرو چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ پێشمەرگەکان سازدا بەمەبەستی ڕێکخستنیان، بەرنامەی سەرەکی ئەم هێزە بریتی بوو لەبەشداری کردن لەئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری کوردستان.

*** HBNK بەچ میکانیزمێك بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنی شاری مەخموور کرد؟**

– ئێمە سەرەتا چەند یەکەیەکی تایبەتیمان لەنێو ریزەکانی هێزی HBNK دروست کرد کاری ئەم یەکانە بریتیبوو لەکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزەکانی دوژمن و هاندانی جەماوەرو پڕ چەککردنیان بۆ بەشداری کردن لەرزگارکردنی ناوچەکەمان، لەهەمان کاتدا لەناو جەرگەی شاری مەخموور چەند هەڤاڵێکمان پڕ چەك کردبوو بۆ ئەوەی هەر زوو هاوشان لەگەڵ جەماوەری خۆڕاگری مەخموور بەشداربن لەوەدەرنانی سەرانی ڕژێمی بەعس لەدەڤەری مەخموور، بەمەش هەڤاڵانمان توانیان کاریگەری زۆریان هەبێت لەپاککردنەوەی شاری مەخموور لە بەعسی یەکان.

*** لەم پرۆسەیە دەستتان بەسەر هیچ کەل و پەلێکی سەربازی داگرت؟**

– بەڵێ، ئێمە کە لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ کەچووینە نێو شاری مەخموور هەڤاڵانمان هاوشان لەگەڵ جەماوەری مەخموور کەڕۆژی پێش تر تائێوارەکەی شاری مەخمووریان لەبەعسی یەکان پاك کردبۆوەو ئاڵای کوردستانیشیان لەسەر بارەگا هەڵکردبوو، پەیوەندییان پێوە کردینەوەو ئینجا هێزەکەمان ناوچەکەی بەگشتی پشکنی و بۆ دڵنیابوون لەنەمانی سەرانی ڕژێمی بەعس، لەم پشکنینە توانیمان دەست بەسەر ژمارەیەك کەل و پەلی سەبازی دابگرن، پاشان ئەم کەل و پەلانەمان، دایەوە دەست حکومەتی کوردستان و هێزی هاوپەیمانان.

*** ئەم هێزە ئێستا چی بەسەرهات، ماوە یان نەماوە؟**

– ئێمە سەر بەرزین کەتوانیمان بەشداری‌یەکی زۆر چالاکانە لەئازادکردنی ئەو ناوچانە بکەین کە لەبن دەستی ڕژێمی بەعس دا بوون، ئێمە وەکو YNDK ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیین، سەربازی نین بەڵام لەکاتێکدا کوردستان پێویستی بەوە بێ چەك هەڵبگرین دەبینە پێشمەرگە، ئەمڕۆش هەر کاتێ کوردستان پێویستی پێمان بێت چەکی بۆ هەڵدەگرین و گیانی خۆمان لەپێناو خاك و وڵاتدا بەخت دەکەین.

# مەخموور لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

## موحسین شوانی

مەخموور ئەو شارۆچکەیە کە تەمەنی قەزای لە (٧٥) ساڵ زیاترەو بەڕێوەبردنی هەر سێ ناحیەی گوێرو دیبەگەو قەراجی لەخۆ گرتووەو سەر بەپارێزگای هەولێرە، خاوەنی دەشتێکی کاکی بەکاکی بەپیت و فرەوانی کشتوکاڵی و نەوتییە.

هەر لەسەرەتای دروست بوونی وەك ئیدارەی قەزا لەساڵی (١٩٢٧)وە تاکو ئەمڕۆ، بەتایبەتیش سەرەتای هاتنی بەعسیەکان بۆ سەر دەسەڵات بەهۆی سیاسەتەکانی بەعەرەب کردن، ڕاگواستن و تاڵان کردن وای کردووە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشنبیری و ژیارییەوە بەجێ بمێنێ، بۆ نموونە لەشەستەکان (حرس قومی)و عەشایەری عەرەبی دەوروبەری مەخموور پەلەمارێکی دڕندانەی نامرۆڤانەیان کردۆتە سەر ئەم دەڤەرە، دوای تاڵان و کوشتن و برین و سوتان، گەنج و لاوانی مەخمووریان بەرەو زیندانەکانی کەرکوك و موسڵ ڕاپێچ کردووە، دەیان گوند چۆڵ و وێران کراوەو خەڵکەکە ئاوارەو دەربەدەر کراون، دوای شکستی شۆڕشی کورد وەك سەرجەم خەڵکی شارەکانی تری کوردستان بەشداری لەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ کردووەو دەیان پێشمەرگەو کادیری لەلایەنەکانی شۆڕش هەبووە شەهیدەکانیشی گەواهی ئەم ڕاستییەن، بەڵام بەعسیە خوێن مژەکان دووبارە کەوتنەوە گیانی خەڵکی ئەم شارە هەر لەبێ بەشکردنی لەهەموو خزمەتگوزارییەکان و سەپاندنی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس و تەهجیرو زەوتکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی دەشتی قەراج و کەندێناوەو بێ بەشی بوونی دانیشتوانەکە لەکڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرەو بەناوکردنی ئۆتۆمبێل و جێ بەجێ نەکردنی کارەکانیان لەدائیرەکان و بەزۆر سەپاندنی خوێندنی عەرەبی و گۆڕینی ناوە کوردییەکان، تا ڕاپەڕینی شکۆداری گەلی کوردستان لە ١٩٩١/٣/١٢ ئەم قەزایە ئازادکراو دوای ١٨ ڕۆژ لەهەڵمژینی هەوای ئازادی دووبارە ئاوارەیی وماڵوێرانی سەری هەڵدایەوە، ئەم جارەیان (حرس جمهوری) و هەندێ عەشایەری عەرەبی شاڵاوی دڕندانەیان دەست پێ کردووەو دوای تەنسیق و کشانەوەی ئیدارەی ڕژێم لەناوچە کوردییەکان ئەم شارۆچکەیە هەر لەژێر زوڵم و ستەمی عەفلەقیەکان مایەوە تاپرۆسەی ئازادکردنی عێراق. بۆیە دانیشتووی ڕق ئەستوری مەخموور بەهاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاپەڕین و لەڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٩ سەرجەم داموو دەزگاکانیان لەبەعسیەکان پاك کردەوەو، لەو ساوە تاکو ئەمڕۆ بەئازادی لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەژین.

# کورتە باسێك لەمەڕ چیای قەرەچووغ

## بارزان قادر

چیای قەرەچووغ یەکێکە لەو چیا گرنگانەی کوردستان کە گرنگیەکی سیاسی و ئابووری هەیەو دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی مەخموور، گوندەکانیشی وەك زۆربەی گوندەکانی دیکەی کوردستان وەبەر شاڵاوی ڕاگواستن و بەعەرەب کردن بۆتەوە. لەبەر ئەوە گرنگی دان بەلایەنە جۆر بەجۆرەکانی ئەم شاخە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك لایەنی گرنگی ئەم شاخە، هەر چەندە بەشێوەیەکی ساکاریش بێت بۆ خوێنەرانی بەڕێز ڕوون بکەینەوە.

### ناوی ڕەسەنی قەرەچووغ

بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ناوی ڕەسەنی چیای قەرەچووغ، هەندێك لەڕۆشنبیرو نووسەرانی ناوچەکە پێیان وایە لەبنەڕەت دا ناوی ڕەسەنی ئەم چیایە (چیای ڕەش) بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی جیۆلۆجی ئەم چیایە کە لەزۆربەی وەرزەکانی ساڵ خۆی بەڕەنگی ڕەش نیشان دەدات، کەچی هەندێکی دیکە پێیان وایە (چیای بڵباسان) بووە چونکە زۆربەی خەڵکی گوندەکانی بنارو دەوروبەری ئەم شاخەو مەردارەکانی ناوچەکە سەر بەعەشیرەتی بڵباس بووینەو ناوی شاخەکەش هەر لەناوی ئەوانەوە هاتووە. هەندێکی دیکە بە (چیای مەڕداران) ناوی دەبەن چونکە هەر لەکۆنەوە ئەم شاخە جێگای مەڕدارانی ناوچەکە بووەو ساڵانە لەوەرزی بەهاران مەڕدارە بەناوبانگەکانی قەراج و کەندێناوە بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان ڕوویان لەم شاخە دەکردو بنگەو هەواریان هەڵدەداو تاوەکو کۆتایی وەرزی هاوین و وشك بوونی لەوەڕگاکانی نەدەگەڕانەوە، هەرچی ناوی (قەرەچووغ)یشە ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکەرە عوسمانیەکان بەتایبەت دوای ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەشەڕێکدا بەسەر شا عەباسی سەفەوی‌دا سەرکەوت بەشێکی زۆری کوردستان کەوتە ژێر ڕکێفی عوسمانیەکانەوە، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندن بۆ ئەوەی ناوی شارو شاخ و گوندەکانی کوردستان بەئارەزوی خۆیان بەتورکی بکەن. دوای وورد بوونەوە لەم سێ بۆچوونەی سەرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کەبۆچوونی یەکەم لەهەموویان ڕاست و دروست و ڕەسەنترە هەر بۆیە تائێستاش لەلایەن خەڵکە بەساڵاچووەکانی ناوچەکە ناوە ڕەسەنە کوردیەکەی واتا (چیای ڕەش) بەکار دەهێنرێ.

### شوێنی جوگرافی قەرەچووغ

چیای قەرەچووغ شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیەو دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردوو دەشتی بەپیت و پڕ بژوێنی قەراج و کەندێناوە کە نزیکەی ٨٧٥م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو درێژیەکەی ٢٠کم دەبێت، لەباکورەوە کەمێك بەلاری بەلای خۆرهەڵاتەوە بۆ لای باشوور دەڕوات. لەباکوورەوە لەسەر هێڵی پانی (٣٦)وە دەست پێدەکات بەرەو باشوور لەگردی (میرجان) بەرامبەر تەلەرخێمی گەورە تا دەگاتە بازارگەو لەگەڵ چیای ڕەش یەکدەگرنەوە.

پێش ڕاگواستن و کاولکردنی گوندەکانی چەندین گوندی خنجیلانە لەبناری ئەم شاخەدا هەبوون وەك (تەلەرخێمی گەورە، میلەهۆرت) کورتان دروو، شێخەلاس، بیرەبەرازە، مەلاکاغەزە، کەندار، هەوارغەر، گەرەسۆر).. هتد.

### بایەخی ئابوری قەرەچووغ

چیای قەرەچووغ بایەخێکی ئابووری زۆری هەیەو گەلێك سەروەت و سامانی سروشتی تێدایە بەتایبەتیش نەوت کەئەمڕۆ لەجیهاندا گرنگیەکی ستراتیژی هەیەو کار دەکاتە سەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، گرنگی نەوتی قەرەچووغ لەچاڵگەی قەرەچووغ دایە کەدرێژ بوونەوەی چاڵگەکە بەئاراستەی درێژبوونەوەی شاخەکەیەو بەرهەمی ڕۆژانەی هەر چاڵێك (٧٠٠٠) هەزار بەرمیلە. هەروەها ئەم شاخە جۆرە بەردێکی تێدایە کە بۆ دروست کردنی خانوو بیناسازی زۆر بەکەڵکە ئەمە وێڕای ئەوەی کە بۆ دروست کردنی گەچ و بەکار دەهێنرێت بەجۆرێك باشترین و بەناوبانگترین جۆری گەچ لەکوردستان و عێراقدا گەچی قەرەچووغە. هەروەها جۆرەها ڕووەکی سروشتی لێدەڕوێت وەك کەنگرو کاردی و پیفۆك و غەردارەو دۆنبەلان و..هتد، کە هەندێکیان وەك چارەسازی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەکار دەهێنرێن، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین باڵندەو ئاژەڵی کێوی لێیە وەك کەوو هەوێردەو سوێسکەو مریشکە ڕەشەو کەروێشك و مامز.

### بەعەرەب کردنی قەرەچووغ

دوابەدوای فراوان بوونی شاڵاوەکانی بەعەرەب کردنی کوردستان، گوندەکانی بناری قەرەچووغیش بەر ئەم شاڵاوە دڕندانەیە کەوتن و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەیان بەرەو ئۆردوگاکانی دەوروبەری پارێزگای هەولێر ڕاگواست، ڕژێمی بەعس بەمەبەستی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکەو شێواندنی مۆرکی نەتەوەیی دەستی کرد بەنیشتەجێ کردنی چەندین هۆزو عەشایری عەرەبی و زەوی و موڵك و ماڵی کوردەکانیشی بەسەردا دابەشکردن و چەندین ئیمتیازاتی دیکەشی پێبەخشین وەك بیری ئێرتوازی و یارمەتی دان و هیتر تاوەکو عەرەبە هاوردەکان بەیەکجاری بەناوچەکە ببەسترێنەوەو مۆرکی کورد بەناوچەکە بسڕنەوە، هەروەها ئەو شاخە بوو بووە بنکەو بارەگای هێزە سەربازیەکانی ڕژێم و یەکە سەربازیەکانیان بەمەبەستی پاراستنی عەرەبەکان یاخود بەناوی مەشق و ڕاهێنان لەم شاخەدا جێگیر کردووە، کە لەڕاستی‌دا مەبەستیان پارێزگاری کردنی ئەو عەرەبانەبوو کە لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکە هێنرابوون.

### قەرەچووغ دوای ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق

دوابەدوای دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق، دەڤەری قەرەچووغیش وەك سەرجەم ناوچەکانی دیکە بەپاڵپشتی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچنگ ڕژێمی بەعس ڕزگاری بوو پیلانی بەعەرەب کردنیش جارێکی دیکە هەڵوەشایەوەو تەنانەت خەڵکێکی زۆری دەڤەرەکە بۆ سەر موڵك و ماڵی خۆیان گەڕانەوە، هەڵبەت ئەمەش بایەخێکی تایبەتی هەیە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە خەڵکی ناوچەکە لەسەر کارو پیشەی خۆیان دابمەزرێنەوەو دەست بە بەرهەم هێنان بکەن، هەڵبەت ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی ئابووری پتەو بۆ ئەوەی لەئایندەدا سوودی لێوەربگیرێ و شان بەشانی پرۆژەو بەرنامە ئابوورییەکانی دیکەی کوردستان یەکتر تەواو بکەن و ببنە ژێرخانێك بۆ بوژاننەوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا.

